# لەیادی ڕاپەڕیندا قسەیەك لەشوراكانی كوردستان!

**نوری بەشیر**
n.bashir3@ukonline.co.uk



شوراكان یەكەمین تەجروبەی خەڵكی كوردستان بوو كەهێزوو ئیرادەیان بهێننە مەیدان، خەڵكی بەڕیزی سەربەخۆو خواست و داواكاری خۆیانەوەو لەدەرەوەی دەسەلات و بیروبۆچونی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی كورد، بەجیا لەویست و ئارەزوەكانی حیزبە ناسیونالیستەكان حزوریان پەیدا كرد، لەبەرئەوەی هەمیشە لەمێژووی حیزبە ناسیونالیستە كوردەكاندا خۆیان بەخاوەنی هەموو بزوتنەوەكە ناسیوەو لەسەر حسابی خەڵكی كوردستان خۆیان ناساندوە، بەناوی خەڵكی كوردستانەوە ئەوەی ویستبێتیان كردویانە، هەمیشە سواری شەپۆلی بزوتنەوەو نارەزایەتی و خواستی خەڵكی كوردستان بوون، وە خۆیان بەدەمراست و نوێنەری خەڵكی كوردستان زانیوە، لەكاتێكدا هەزار فرسەخ لە خواست و داواكانی خەڵكی كوردستانەوە دوور بوون.

لەمێژووی خەڵكی كوردستاندا یەكەمین جاربوو كەخەڵك بەئەهداف و ئامانجی خۆیانەوە بێنە مەیدان، كەشوراكان و ڕابەرانی شوراكان خواست و ئامانجی خۆیان بۆ دەسەلاتدارێتی خەڵكی كرێكارو زەحمەتكێش مەترح كرد، بەرنامەو خواستی شوراكان ئەوەبوو، كەخەڵك دەبێت لەدیاری كردنی چارەنوسی خۆیاندا دەخالەت بكەن، ئەوەی كەبەقازانجی خۆیانە خۆیان بڕیاری لەسەر بدەن و خۆیان ڕێكخی بخەن و خۆیان میژووی خۆیان دروستبكەن، بۆیە شوراكان هاوكاتی ئەوەی بڕیار بوو قانون دانەر بێت بڕیاریش بوو قانون بەرێوەبەر بێت، نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵك كۆمەڵگا بەرێوەبەرن، ئەم مێژووە بۆ خەڵكی كوردستان سەرەتای دەوریەكی تازەبوو وەك بزوتنەوەیەكی سیاسی بێنە مەیدان بۆ دیفاع لەخۆیان و ئایندەیان، ئەگەرچی شوراكان هەرزوو لەلایەن ئەحزابی ناسیونالیستی كوردەوە پاشەكشەی پێكرا، بەلام پاش نزیك بە 17 ساڵ لەحاكمیەتی ناسیونالیزمی كورد و سەركوت و دیزینی سەروەت و سامانی كۆمەڵگا، خواستی شوراكان دەورو تاسیری خۆی لەبیرو بۆچون و كردەوەی خەڵكدا هەر ماوە و خەڵك بەو خواستانەوە لەمەیداندایە، كەواتە ئەگەر یادێك بكەینەوە لەوەی شوراكان بۆ دروست بوو، ترسی ناسیونالیزمی كورد چی بوو لێی، ئەوە دەخوازێ كەمێك زیاتر لەسەری قسە بكەین:

### زەرورەتی دروستبونی شوراكان:

شوركان لەجەرگەی هەلومەرجێكدا دروستبوو، كە كوردستان لەهێزەكانی ڕژێمی بۆرژوا فاشیستی قەومی عەرەبی پاكرابۆوە، هەر ئەو كەسانەی لەژنان و پیاوان، كرێكاران و زەحمەتكێشان و كۆمۆنیست و چەپ و رێكخراوەكانیان، كە كۆمیتەكانی ڕاپەڕینیان سازداو بەشداری چالاكانەو پێشڕەوانەی ڕاپەڕینیان كردو كوردستانیان لەهێزەكانی ڕژیمی بۆرژوا فاشیستی قەومی عەرەبی پاكردەوە، هەر هەمان خەڵكانێك بوون شوراكانیشیان دروستكرد، كە بانگەوازی هەموو دەسەلاتێكیان كرد بۆ شوراكان، دەسەلاتدارێتی بۆ شوراكان یانی دەسەلاتدارێتی خەڵك لەكوردستان، یانی خەڵك دەخالەتبكەن لەچارەنوس و ژیانی ڕۆژانەیاندا، لەبەر ئەوەی لە مێژووی خەڵكی كوردستاندا، بزوتنەوەی ناسیونالیزمی كورد و حیزبەكانی هیچ كاتێك بزوتنەوەی خەلك،

بزوتنەوەکانی وەك ژنان و لاوان و کرێکاریان ڕێگە پێنەداوەو ئیعترافیان پێنەکردوە، لەدەرەوەی ئەوان هەر حەرەکەتێك هەبووبێ، لەبەر ئەوەی جێگاو ڕێگای ئەوانیان لێژکردوە، هەرچ بزوتنەوەیەك لەدەرەوەی حیزبەکانی ئەوان و بزوتنەوەکانی ئەوان هەبوبێت دژایەتیان کردوەو سەرکوتیان کردوە، کەهەر ئەمەش بوو وای کرد یەکەمین هاتنە ناوشارەکانیان بەدژی شوراکان وەستانەوە.

شوراکان لەدەرەوەی دەسەلات وخواستی حیزبە بۆرژوا ناسیونالیست و عەشایەرەکان، لەپێویستی خواست و داواکانی خەڵکی کوردستانەوە سەرچاوەیانگرت، خواست و داواکارییەك کەهیچ کاتێك ناسیونالیزی کوردو بزوتنەوەی کوردایەتی نەیتوانیبو و نەیویستووە نوینەرایەتی بکات، شوراکان و بزوتنەوەی شورایی خواستەکانی شوراکان، لەکۆمەڵگای کوردستاندا بزوتنەوەو حەرەکەتێکی نوێی بەرێخست، کە ترسی خستە ناو دڵی هەموو حیزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە.

شیعار و خواستێك کەبەرزکرابۆوە لە: هەموو دەسەلاتێك بۆ شوراکان، شورا شورای خەڵکیە هیچ قسەی لەسەر نیە، سەرمایەدار چەك دانێ لەش و لارت ناتوانێ هەر کرێکار ئەتوانێ دنیایەکی باش دانێ، بژی سۆسیالیزم بڕۆخێ سەرمایەداری، نا بۆ صەدام نا بۆ رژێمی بەعس، نان — کار — ئازادی - حکومەتی شورایی، ئەمانە وەك ئەهداف و ئامانجیکی بزوتنەوەی شورایی هاتنە گۆرێ. هەروەها پاکردنەوەی کوردستان لەهێزەکانی رێمی بەعس و دیاری کردنی چارەنوسی خەڵکی کوردستان بەدەستی خۆیان، و کۆمەلە شیعارو خواستەکانی وەك یەکسانی ژنان و پیاوان، بیمە کۆمەلایەتی یەکان، بەهرەمەنبونی خەڵك لەپێداویستیەکانی خانوبەرەو ژیان و رەفاهیەت، مافی بیقەیدوشەتری سیاسی ( مانگرتن، ریکخراوبون، خۆپیشاندان) مافەکانی منالان، خواستە سنفیەکانی کرێکاران لە سەعات کارو بەرێوەبردنی کاروباری کارگەو کارخانەکانەوە تادابەشکردنی داهات.....ئەمانە نیشانەی هاتنە مەیدانی خەڵکیە بۆ خواستەکان و دەلالەتی داواکاری و بەرقەراری دەسەلاتێکی ئازادو سکولار و مەدەنیە، بونی ئازادی سیاسی، پاراستنی ئەمنیەت و ئیستقراری خەڵکە لەلایەن خەڵك خۆیەوە، بەکورتی هەموو ئەوانە، دەخالەتی هەمەلایەنەی خەڵکە لەچارەنوسی خۆیان و کۆمەڵگادا، هەموو ئەوانە ناسیونالیزمی کورد نەك باسی نەکردبوو و دەستی بۆ نەبردبوو، بەڵکو بەبەهانەی جۆراوجۆر خۆی لێ لاداوە، بەوەی کەکۆمەڵگای کوردستان سەرمایەداری نیە، کوردستان کرێکاری نیە، لەباسی مەسەلەی ژناندا کۆمەڵگای کوردستان ئیسلامیە و ئەبیت ڕێز لەمقەدەساتی ئیسلام بگیرێت، بەلام لەپشت هەموو ئەوانەوە ناسیونالیزمی کورد ئەو بزوتنەوەیە، بزوتنەوەی شورایی باش دەناسی بۆیە هەر لەسەرتاوە بەدژی ڕاوەستا ..

## ناسیونالیزمی کورد، ترسی لەبزوتنەوەی خەڵك، مێژوو تەزویر دەکات

هەروا نیە کەناسیونالیزمی کوردو حیزبەکانی هەر لەسەرەتاوە بەدژی شوراکان وەستایەوەو بانگەوازی ئەوەیان کرد کەخەڵك نەچن بۆشوراکان، بۆ داخستنی دەرگای شوراکان دەیان فرۆیڵیان بەکار هێنا، دەیان درۆیان بەدەم شوراکانەوە کرد ودەستیانبرد بۆ چاوبەستی خەڵك، پەنایان بۆ شیوازی ترس و تۆقاندن و پاشان هێرشی چەکداریان بۆ سەر شوراکان دەستپێکرد. تەنانەت هەر ئەوکات دەیانوت شتێك نیە بەناوی شوراوە، بەلام هاوکات جلال تاڵەبانی وتی شوراکان دەستکردی مەنسوور حیکمەتە، لەجیگای شوراکان ئەنجومەنیان مەترەح کرد، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ نوینەرانی شورکان دانیشتن، وەعدەو بەلێنی دورۆیان دەدا بەهەندی لەفعالینی شوراکان و فعالینی کرێکاری کە هەموو شتێکیان بۆ ئەکەن بەس لەشوراکان دورکەونەوە، لەبەرامبەر دیفاعی شوراکان لەمەسەلەکانی ژناندا، دەیانوت ئەمانە دیفاع لەبەرەلایی دەکەن، یان تۆمەتی تابوری پێنجەم و پیاوی رژێمی بەعسیان دەخستە پاڵ شوراکان، لەکاتێکدا شوراکان، هێزی جەماوەر وبزوتنەوەی سەدان هەزاران کەسی ئازادیخواز و

زەحمەتکێشی کوردستان بوو کە لەشورکاندا خۆیان ڕێکخراو کردبوو. کۆبوونەوەی جەماوەری شووراکان لەیادی کارەساتی هەڵەبجەدا لەبەردەرکی سەرای سلیمانی ڕۆژی 19913//16، نمونەی بەرجەستەی ئەم هێزو بزوتنەوە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستان بوو. هەروەها دانیشتنی نوینەرانی شورکان لەگەڵ "بەرە"داو ملنەدانی شوراکان بەسیاسەتی یەکیتی و پارتی و پاشان خستنەڕووی داواکارییە جەماوەرییەکان، دیسانەوە گۆشەیەکی ڕۆشنی ئەم بزوتنەوەیە نیشان دەدات کە لەمیژووی خەڵکی کوردستاندا، تەنهایە. بزوتنەوە و مێژویەك کەلەوێدا کۆمۆنیستەکان و چەپەکان وەك ڕابەران و وتەبێژان و ڕابەرانی سەرتاسەری شورکان دەردەکەوتن. ئەمە ئیتر میژوویەکی تازەبوو لەخەباتی خەڵکی کوردستان کەناسیونالیزم و قەڵەمبەدەستانی نابنوسنەوە. شورای شارەکانی سلیمانی و هەولیرو کەرکوك، بەیەك خەت و جیهەت و دەخالەتی خەڵك و حزوری خەڵك لەکۆبونەوە گشتیەکان و بەیان و بلاوکراوەکان و عەکس کردنەوەی داواکانی خەڵك، دیسانەوە ئەم بزوتنەوەیە وەك دیاردەیەکی سەراسەری لەکوردستاندا دەناسێنێ کە تادەهات دەسەلات و نفوزی ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی دەختستە ژێر پرسیارەوە، هەر ئەو ترسەی کەئەوکاتە شوراکان خستیانە دڵی حیزبە ناسیونالیستەکانەوە، ئێستا بۆتە هۆکاری ئەوەی کەمیژووی ڕاپەرین تەزویر بکەن وبەشێوەیەك باسی ڕاپەرین بکەن کەخۆیان دەیانەوێ نەك ئەوەی کەواقعیەت چی بوو، چونکە ئەمە ڕێگای ئەوانە بۆداپۆشینی جیاوازی بەرژەوەندی چینەکانی کۆمەڵگای کوردستان کە لەلایەك سەرمایەداران و موفتەخۆرانیان ڕاوەستاوە و لەلایەکی تریشەوە جەماوەرێکی بەرینی کرێکار و زەحمەتکیش و خەڵکی ئازادیخواز.

## ئایا خوستی شوراکان لەشوینی خۆیدا هەرماوە؟

دڵی شوراکانی کوردستان زیندووە، چونکە ئەو خواستانەی کە ئەوان بۆ ئازادی و یەکسانی و ژیانێکی خۆشگوزەران هێنایانە کایەوە، هێشتا خواست و ئومێدی سەرجەم کۆمەلانی خەڵکی بێبەش و ئازادەی کوردستانە. بەتایبەتی بەدوای 17 ساڵ لەپاکردنەوەی کوردستان لەحاکمیەتی ڕژێمی بۆرژوا قەومی عەرەبی و ڕوخانی ڕژێمی بەعس، هاوکات بەدوای حاکمیەتی بۆرژوا قەومی خۆماڵی کوردیدا!، هێشتا خەڵکی کوردستان بەقەد سەرەدەرزییەك لەئازای و یەکسانی و ژیانێکی خۆشگوزەران نزیك نەبوونەتەوە. هێشتا پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە، لەئاوو کارەباو سوتەمەنی و خانوو بەرەوە بیگرە بۆ خواستی کارو بیمە کۆمەلایەتیەکان، تائازادییە سیاسیەکان وئازادی خۆپشاندان و ڕێخکراو بوون، هەموویان کەوتۆتە قورگی گەندەڵی و دزو بازرگانانی چەکداری حیزبە دەسەلاتدارەکانەوە. هێشتا کوردستان لەنادیاری چارەنوسدا ڕاگیراوە و نەدەوڵەت و نەقانونێك کە خەڵکی خۆیان ڕایان پێدابێت لەگۆڕ نییە و کەس نازانێ سبەی بەهۆی هەر وەرچەرخانێکی سیاسیەوە لەهەڵوێستەکانی ئەمریکادا چ بەلایەك ڕوودەکاتە خەڵکی کوردستان. هێشتا کۆنەپەرستی و تیرۆرو ئیسلامی سیاسی و شەریعەت شمشێری بان سەری ژنان و لاوان و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە. هەربۆیە خواستی شوراکان زیندووە و بەتەواوی ڕاستی یەکانەوە لەبەردەم کۆمەلانی خەڵکدایە. نان و ئازای و دەسەلاتداریتی جەماوەری و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکولاری ناقەومی... ئەمە ئەو ئامانجانەیە کەشووراکان بوویانە و ئەمرۆش لەهەر حەرەکەتێکی بچوك و گەورەی لاوان و ژنان و مامۆستایان و کرێکاران و خەڵکی کوردستاندا بەم یان بەو شێوەیە تەعبیری لێدەکرێت.